حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە : ٧٩٥
ڕێکەوت : / / ٢٧٢٤ کوردی
خەرمانان

العدد :
التأريخ ٧ / ٨ / ٢٠٢٤

وەزارەتی دارایی و ئابووری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان – المديرية العامة للديوان – وزارة المالية والإقتصاد

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (٣)ی ساڵی /٢٠٢٤

پاڵپشت بە فەرمانی بەڕێز جەنابی سەرۆک وەزیران بەمەبەستی ڕەچاوکردنی دۆخی دارایی هاوڵاتی و پیشەوەرانی هەرێمی کوردستان و ئاماژە بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣٩٣) لە ٢٠٢٤/٧/٢٣ وکۆنوسی لێژنەی دەرکردن و پێداچونەوە بە ڕێنماییە داراییەکان ژمارە (١١٠)لە ٢٠٢٤/٨/١ بڕیاردرا بە:-

**یەکەم //** ڕاگرتنی ڕێنماییمان ژمارە (٩)ی ساڵی /٢٠٢١ کە پاڵپشتە بە فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٦) لە (٢٠٢١/١/١٠) کە تایبەتە بە باجی سەر (چێشتخانە و هۆتێلەکان) .

**دووەم //** ڕاگرتنی ڕێنماییمان ژمارە (١٠)ی ساڵی /٢٠٢١ کە پاڵپشتە بە نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣١٩٦) لە (٢٠٢١/٥/٣١) و (٤٢٤٢ لە ٢٠٢١/٤/٢١) کە تایبەتە بە باجی سەر (نەخۆشخانە تایبەتەکان) .

**سێ یەم //** ڕاگرتنی وەرگرتنی باجی سەر (سەمونخانە و نانەواخانەکان) پشتبەست بە ماددەی (حەوتەم / ٢٧) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ ی هەموارکراو .

**چوارەم //** ڕاگرتنی وەرگرتنی باجی (ضريبة العرصات) کە لە یاسای ضريبة العرصات ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٦٢ای هەموارکراودا هاتووە ، تاکو یەکلاییکردنەوەی ڕێکخستنەوەی ڕێکارەکانی وەرگرتنی باج لەگەڵ دام و دەزگا ئیتیحادییەکان و هەموارکردنەوەی یاساکە .

**پێنجەم //** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونی نوسراوی ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
/ ٨/ ٢٠٢٤


ناونیشان- هەولێر تەنیشت پەرلەمان
ئیمەیل : it.dep@mofe.gov.krd
عنوان- أربيل بجانب برلمان
ژ.تەلەفۆن : (٠٦٦-٢٢٣٠٤٧٤١)
Address-Erbil Beside Parliament
www.gov.kurd